# دەسەڵاتی کوردی ودیموکراسیەت
# پەیوەند بەگرتنی دکتۆر کەمال سەید قادر

حامدئەیوب 12.11.05

سەرەنجام و پاش دوو هەفتەلەبێسەرەوشوێنکردنی دکتۆر کەمال سەید قادر بۆ یەکەم جار لەدەمی بەرێز تەها بەرواری لەرادیۆیی هاوپشتی لەسویدەوەڕایگەیاند کەبەڵێ ناوبراو لەلایەن پارتی دیمکراتی کوردوستانەوە دەستگیر کراوەو چاوەڕێی دادگایی دەکات.
ئەمەنەیەکەم جارەو دڵنیاشم دواجاریش نابێت کەپێشێل کاریی و بێ مافی بەتاکی کۆمەڵگای ئێمەدەکرێت .
هەرچۆنێک بێت لەپەراوێزی قسەکانی ئەو بەڕێزەبەرپرسەوەدەبێت چەند خاڵێکی کورت ئاماژەپێ بکەم.

ئەو دەڵێت { ئەو ڕۆشنبیرو کەسانەی ئێستا بەگری لە
د.کەمال دەکەن بۆچی لەکاتی خۆیدا هەڵوێستیان لەسەر شێوازی نوسینی د. کەمال وەرنەگرت). بەر لەهەر شتێک دەبێ ئەوەبڵێم زۆربەی ئەو کەسانەی داوای ئازاد کردنی دەست بەجێی د.کەمال دەکەن و بەرگری لەمافی تاکەکەس دەکەن ، جەغدیان لەسەر ئەوەکردوەکەئەوان هاوڕاو کۆک نین لەسەر شێوازی نوسینەکانی دوکتۆری دەستگیرکراو!! بەم مانایەئەو کەسانەی ئەو بەرپرسەگلەییان لێدەکات و وەک بێ هەڵویستێک نیشانیان دەدات ئەوان بەئاشکرا هەڵوێستی خۆیان دەربڕیوە!! بەڵام بۆچی ئەم هەڵوێستەیان پێشتر نەنواندوەتەنها لەبەر یەک هۆی سادەئەویش ئەوەیەکەئەوکات نەهیچ کەس و نەهیچ لایەنێک زیندانی وبێ سەرو شوێن نەکرابوو، بۆیەهەمووومان بێدەنگیمان هەڵبژارد بەڵام کاتێک حاڵ دەگاتەئاستی زیندانی کردن و فڕاندن و بزرکردن ئیتر دەنگ هەڵبڕین و هەڵوێست وەرگرتن دەبێتەبەرپرسیاریەتیکی ئەخلاقی. ئەو بەرپرسەبەڕێزەدەڵێت ئێمەلەهەوڵی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاین و ئەمەش بۆخۆی جگەلەدەسەڵاتدار تاکیش بەرپرسیارێتی دەکەوێتەسەر شان بەرامبەر دەسەڵاتدارو حکومەت. من بەش بەحاڵی خۆم تاکو ئێستا هیچ باسێکی تیئۆری و فەرمیم نەخوێندۆتەوەسەبارەت بەکۆماڵگای مەدەنی و بەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا کەلەلایەن دەسەڵاتدارانی کوردستانەوەوەکو بەڵگەنامەیەکی یاسایی چاوی لێبکەین،بۆ ئەوەی بزانین کاتێک دەسەڵاتداران باس لەکۆمەڵگای مەدەنی و بەدیموکراتیزەکردنی کوردستان دەکەن مەبەستیان چی یەو بەکام پێوانەو پێوەر باس لەم دیاردەگرنگەدەکەن?? تاکوو ئەوکات ئێمەش بەپێوانەهاوچەرخ وناسراوەکانی مەدەنیەت ئەو باسانەبخەینەبەر باس و لێتوێژینەوە، دواتریش هاوڕایی یاخود جیاوازی خۆمان دەربڕین. بەڵام کاتێک هەر پا لەهەوا و بێدەست نیشانکردنی پایەو کۆڵەکەکانی ئەو باسەگرنگ و چارەنوس سازەقسەبکرێ ئیتر مرۆڤ نازانێ باسی چی دەکرێ و ووتو وێژ لەچ دەکرێت!!
هێندەی من بزانم زۆریەک لەو بیرمەندو نوسەرانەی لەسەر بەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاو کۆمەڵی مەدەنی نوسیویانەئاماژەیان بەوەداوەکەلەسیستەمی دیموکراتیدا ئەوەدەسەڵاتەدەبێت بەرپرسیارێتی خۆی بنوێنێ بەرامبەر بەتاکی کۆمەڵگا، هەروەها
ئەرکێتی ماف و ڕێزیان بپارێزێت، لەبەرامبەریشدا تاکەکانیش هەردەم چاوی لێپێچینەوەو ڕەخنەگرانەیان کراوەتەوەبەئاراستەی دەسەڵاتدا، چونکەئەگەر وا نەکەن ئەوەبێگومان دەسەڵات هەموو سنورو داب و نەریتەمرۆییەکان دەبەزێنێت.
هەر لێرەشەوەمەغزاو ماهیەتی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراتی بەدەر دەکەوێت.

لەبنەڕەتدا دیموکراسی بریتییەلەو سیستەمەی کەدەسەڵات و حوکمڕانی دەکەوێتەژێرچاودێری و پرسیارەوەلەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگا بەشێوازی جۆراوجۆر... ئەمەیەکێکەلەتێزەسەرەکیەکانی کۆمەڵگای دیموکراتی و مەدەنی نەک

هەموو تێزەکە
خاڵێکی تر کەئەو بەرپرسەبەڕێزەباسی دەکات زمانی دیالۆگ و گفتوگۆو دواجاریش کۆمنیکاشیۆنە... گەورە بیرمەندی ئەڵمانی یورگن هابرمانس یەکەم کەسێک بوو باسی لەئەقڵیەتی کۆمنیکاشیۆنخوازی کرد، بەڵام هابرمانس پێشمەرجێکی سەرەکی و زۆر گرنگی دانا بۆ پەیوەندی کۆمنیکاشیۆن کەئەویش هاوسەنگی و یەکسانی لایەنەکانەبۆ بەرقەرارکرنی کۆمنیکاشیۆنێکی بەرابەرو ئازادانە. بەڵام پرسیارێکی زەق لێرەدا کەخۆی قیت دەکاتەوەئایا ئەم بارەیەکسان و هاوشانەلەنێوان تاک و دەسەڵاتی کوردی دا بەرقەرارە??نوخبەیەک لەدەسەڵاتدارانی سیاسی کوردی کەبەهرەمەندن لەهەموو ئیمکانیەتێکی کۆمەڵگاو لەبەرامبەریشدا تاکی کوردی لەسەرەتاترین مافەکانی خۆیان بێبەشن، ئیتر چۆن دەکرێت باس لەگفتوگۆو دیالۆگی یەکسان بکەین!!!

ئەوەبانگەشەو قسەیەکی بێمانایەلەهەلومەرجێکی نابەرابەردا باس لەپەیوەندی و دانوستانی هاوچەرخانەبکرێت، لەکاتێکدا سادەترین زەمینەت بۆ ئەو دیالۆگەشارستانییەنەخولڦاندبێت.. دەسەڵاتی کوردی نەک هەر ئەو زەمینەیەی نەخولڦاندوەبەڵکوو هەموو پردو هەوڵێکی کۆمنیکاشیۆنەی لەبار بردوو هەرەسی بەلۆژیکی ووتو وێژ هێناو توندوتیژی نوسین و کرداری بەرهەمهێنا...

خاڵێکی تر کەبەرپرسی بەڕێزی ناوبراو و تەواوی سەرانی ئێستەی دەسەڵاتدارانی کوردی هەردەم و دایم ئاماژەی پێدەکەن ئەوەیەکەدەبێت ئێمەی تاکی کورد ڕێز لەعورف و عاداتی کۆمەڵایەتی بگرین و یاسا سەروەرو بەرقەرار بێت و هەمووشمان ملکەچی دادگاو یاسا بین!!! دەشێ بۆ کەسێک تەنها لەدوو توێیی دێڕو نوسین و ووتەکانی دەسەڵاتداران ووردبێتەوەبەو قسانەی سەرەوەقانیع بێت و سەری ڕەزامەندی بلەقێنێت، بەڵام بۆ ئێمەیەک کەتەمەنێکی درێژ لەکوردستاندا ژیاین و ئێستاش بەهەزارو یەک داوەوەپێوەی پەیوەستین چاک دەزانین ئەو بانگەشەیەی سەرەوەتەنها دەستەواژەیەکەبۆ بەکاربردنی ناوخۆیی و خۆدزینەوەو خۆشاردنەوەلەهەر بەرپرسیاریەتێک کەدەکەوێتەسەرشانیان.
زۆربەمان شاهیدحاڵی ئەوەین لەماوەی چواردەساڵی دەسەڵاتی کوردیدا بارهاو بارها پێشێلکاری و بێحورمەتی بەمرۆڤی کورد کراوە، بۆ یەک جاریش چیەنەمانبینی بەرپرسێکی پلەسێ و چواری دەسەڵات بدرێتەدادگاو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت!!
ئیتر ئەمەکامە یاساو دادگایەکەدەبێت تاکەکانی کۆمەڵ لەبەرامبەریدا ملکەچ و ئامادەبن بۆ لێپێچینەوەو سزا دانیان!!!

ئەگەر باسی سەروەری و یاسا و نەبەزاندنی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی یە، ئەوەکام یاسا و ڕێسای زەوی و ئاسمانی بوو ڕێی بەدەسەڵاتداران دا کەدەستدرێژی سێکسی بکرێتەسەر خێزانێکی هەژاری دەربەندیخان!!! ئەوەکام یاسا و دادگا ڕێی بەدەسەڵاتداران دا نوسەرێکی وەک ڕێبوار سیوەیلی شاربەدەر بکرێت !!! ئەوەکام ماف و دادوەریەک بوو تەقەلەخۆپیشاندەرانی کەلارو ئاکرێ بکرێت!!! ئەم هەموو پێشێلکاری و سنوربەزێنی و هەست ڕوشاندنانەڕویداوەبێ ئەوەی ببینین و ببیستین یەک بەرپرسیار و دەسەڵاتداری سیاسی کوردی ڕابکێشرێتەدادگا و لێیان بپرسرێتەوەیاخود دەست لەکار بکێشنەوە!!!

لەوەدەچێت یاسا و دادگای کوردستان تەنها بۆ پەلبەست کردن و سزا و چاوترساندنی هاوڵاتیانی هەژار و بێدەسەڵات دانرابێت!!
ئیتر ئەمەدادگای سەربەخۆ نیە، ئەمەیاسای هاوچەرخ نییە، بەڵکو گەمەیەکی بێتام وبێلەزەتی دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستانە